### کچێکی کوردی موسڵمان

# دوای پێنج ساڵ لە بەمەسیحیکردن موسڵمان دەبێتەوە




ئا: جەعفەرگوانی
cefergwani@gmail.com


بەسەرهاتی ئەو کچە موسڵمانەی هەربە منداڵی لە خشتە برابوو، کرابووە مەسیحیو، دەردێکی کوشندەی بەسەر هاتبوو، تەواوی ئەوانەی تووشی شۆك کرد کە لە رووداوەکەوە نزیکبوون، یان هەواڵەکەیان زانی، جا لەبەر ئەوەی رووداوەکە زۆر شتی نهێنی دەردەخات، بە پێویستی دەزانین بیخەینە بەر دیدی خوێنەران، لەو ریپۆرتاژەدا ئێمە تەنها لە زمانی کچەکەوە قسە دەکەین، خۆمان هیچ لێدوانو تێروانینی لەسەر دەرنابڕین، بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بڕیار بدات.

## یەکەم ئاشنایەتی

دوای ئەوەی پۆلی شەشەمی سەرەتاییم تەواوکردو، بوومە پۆلی یەکەمی ناوەندی دوو برادەری مەسیحیم هەبوون یەکیان بەناوی (ڤ) یەکیان بەناوی (ن)، زۆر یەکتریمان خۆش دەویست، دوای ئەوە پرسیارمان لە بارەی ئایینەوە کرد، ئەو بە منی گووت: وەرە تۆ ببە مەسیحی، منیش پێمگووت: وەرە تۆ

ببە موسڵمان، من نەمدەتوانی وەڵامی هیچ پرسیارەکانی بدەمەوە، منیش پرسیارێکی وام نەبوو، زیاتر لێیان نزیك بوومەوە، دوای ئەوەی کارتی سەرە ساڵم وەرگرتەوە، دوای سێ ڕۆژ، چووم بۆ کڕینی سیدی لە بازاڕی دیانە، بە تەنیشت کەنیسەی داچووم، کە بینیم ئەو کاتی زەنگی نوێژی وان لێدا، ژنێك لە پێش دەرگا بوو، گووتی: ئێمە نوێژەکەین، باسی چۆنیەتی نوێژی بۆ کردم، بۆ بەیانی بە بیانووی شریت کڕین، دووبارە هاتمەوە، یەکسەر چوومە ژوورەوەی کەنیسەی، دوو ژنە کاهین و قەشەی لێ بوون، یەکسەر چوومە ژوورەوە، لەو کاتی قەشە خەریك بوو، ئینجیلی دەخوێندەوە، لەناو حەدیقەی کەنیسەی لەسەر کورسیەك دانیشتبوو، گوێم لە قسەکانی گرتبوو، گووتی: تۆ کێی؟ منیش ترسام ناوی خۆم بۆی نەدا، گووتم: دەتوانم بێمە ژوورەوە، گووتی: ئا، دەتوانی، تۆ مەسیحی یان موسڵمانی؟ گووتم: موسڵمانم، بەس حەزم لێیە، بێمە لای ئێوە، گووتی: دە وەرە، منیش هەر پرسیارم لێیکرد، وەڵامی دامەوە، فێری نوێژی کردم، بەس گووتی: نابی ناوی ئێمە بدەی، چونکە تۆ خۆت هاتووی، نەڵێی: بە زۆری منیان هێناوە. گووتم: باشە، ئیدی فێر بووم، مانگانە، سێ جارو چوار جار دەچووم، ئەوان گووتیان: ئێمە زۆری لە توو ناکەین، ببیە مەسیحی، ئەمنیش گووتم: باشە ئەوە موشکیلەی منە (ئەوە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی)، ڕۆژێك چووم ژنێك لەوێ بوو، گووتی: قسە لەگەڵ کاهین و قەشەکان بکەین باشترە، گووتی: دەتوانی ڕۆژانی یەکشەممە و چوارشەممە و پێنج شەممە و هەینی بێی، ئەو کاتی زیاتر مەجالمان هەیە، ڕۆژی یەك شەممە کە هاتم ئەوان بە سیارە لە پێش کەنیسەی ڕاوەستابوون، ئەوان منیان دەناسی، گووتیان: ئەگەر حەز دەکەی وەرە کەنیسەی، یانیش دەچینە دەرێ، ئەمنیش پێشتر جارەك لۆ کەنیسەی چوو بووم، ئەوجا گووتم: نا دێمە کەنیسەی، گووتیان: باشترە بێیە دەرێ نەك کەنیسەی، منیش گووتم: باشە کەیفینگوێیە، منیش لەگەڵیان چوومە دەرێ.

## ڕۆیشتن بەرەو گۆڕستان

ڕۆژێکیان چووم، ژنێك لەوێ لەلای کەنیسەی ڕاوەستا بوو، گووتیە من: تۆ بووی بوویتە مەسیحی، منیش گووتم: بەڵێ، گووتم: تۆ کێی؟ گووتی: من ناتوانم ناوی خۆمت بۆ بڵێم، بەڵام شتێکت پێ دەڵێم: بەیانی دوو ژن دێن، بەناوەکانی (فاتیماو، ئیزابێلا) کە (زبێدەو سەمعان) یەکێکی دیکەشیان لەگەڵە ناوی جۆرجی بوو، (مەرج نییە ئەو ناوانە ڕاستەقینە بووبن، چونکە

**جاری وا هەبوو، سێ ڕۆژ بێ هەستو هۆش دەبووم، هەندێك جار دەیان بردمە خەستەخانەی، هیچ مانگێك نەبوو، سێ کانولام بۆ دانەنین**

هەمیشە بەناوی خوازراو لەگەڵی دواون)، بەیانی کە هاتن مۆنیکایەکی جام ڕەشیان پێ بوو، هەمووی ڕەش بوو، لەگەڵیان چووم، ئینجا منیان بردە قەبرستانی مەسیحیان لە دیانەی، ژوورێکی بچووکی تاریکی لێ بوو، کە زۆر زۆر بە ترس بوو، گووتیان: وەرە دەمێکی پشوو بدە.

## خوێن خواردنەوە

دوای پشوودانەکە، فنجانێکیان بۆ هێنام، کە شتێکی وەکو قاوەی تێدا بوو، جا نازانم مەشروب بوو یان نا، ئەوم خواردەوە، هەستم کرد، کە سەرم گێژ بووە، یەکسەر ڕاقەنامو، نەمەتوانی هەستمەوە، (لێرەدا لەگەڵ ئەو بیرەوەرییە هەناسەی تەنگ دەبێو ئەو ڕووداوە ئێستا زۆر ئازاری دەدات)، پیاوێکیشان لە تەنیشتمەوە درێژ کردبوو، شتێکی ڕەشیان بەسەر دادابوو، بە دەرزی خوێنیان لە قۆڵی ئەو دەرهێناو، دەناو فنجانێکیان کرد، هەندێك دەرمانیشیان لە ناو کرد، گووتیانە من بیخۆوە، ئەو ڕۆژی زۆریان دامێ، هیچ ئاگام لە خۆم نەما، ئەو کاتی لە کۆلانێك منیان فڕێ داو، هەندێك ئاویان بەسەر داکردمو، ئەو ڕۆژی تا مەغریبێ کەوتم، مەغریبەکەی هیچم پێنەخورا، براوو خوشکەکم لەگەڵ کورە خاڵەکەم، منیان بردە خەستەخانەی، من ئاگام لە هیچ نەبوو، ئەوەندە نەبی ئاگام لێ بوو، دکتۆر کانولای بۆ دانام، هەتا بەیانیەکەی هوشیار نەبوومەوە، تا سێ ڕۆژ هیچ نەهاتمەوە سەرخۆم، پاش سێ ڕۆژان وەئاگا هاتمەوە، تەواو گۆڕا بووم، دایكو باوكو خوشكو برام هەمووی لەبەر دڵم کەوتن، وامدەزانی هیچ کەسی من نینە، کە قسەیان لەگەڵە کردم زۆر بە تووڕەیی جوابم دەدانەوە، وەمدەزانی هەموویان دوژمنی منن، تا چەند جاری دیکە ئاوا دەچووم، هەر خوێنیان دەدامێو بێ هۆشیان دەکردم، هەندێك جار بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بە ئاگا نەدەهاتمەوە، هەستم بە گێژ بوون دەکرد، بەردەوام سەرم دەهێشاو سەرم دەسووڕاو دڵم توند دەبوو.

## پەراوێزخستنی خوێندن

دەربارەی ئەوەی دوای ئەو ڕووداوە چەندە گرنگی بە خوێندن دەدا، دەڵێت: بۆ مەکتەبیش جاری وا هەبوو، کە دەچوومە مەکتەبێ، تا دەهاتمەوە سەرم هەر لەسەر ڕەحلەی دەبوو، هیچ دەرسم پێ نەدەخوێندرا، تەنها سەری ساڵ بەشی ناجح

بوونم دەخوێند.

## مردنی (...) گۆڕینی ناو

دوای ئەو ڕووداوە، شۆڕدنی مێشکی، دەیانەوێت، وای لێبکەن، کە هیچ پەیوەندی بە رابردووی خۆیەوە نەمێنێت، تا ئەوەی وەك مردوویێك پیشانی دەدەنو، زیندووی دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتی منداڵ بووە، ئەو بیرۆکە پووچە باوەڕ دەکات: لەو ڕۆژەی خوێنەکەیان پێدام ناویان لە من نا: فریشتە، گووتیانە من: تۆ (...) نیت، وەرە تەماشا بکە، قەبرێکیان لێدا بوو، دوو کێلو نیشانەکی مەسیحیان لە کێلەکی دابوو، گووتیان: ئەوە قەبری (...)، مردووە، منیش گووتم: باشە، ناوی یەکەمیشم نوها بوو، لە کۆتاییش فریشتە.

## دوورکەوتنەوە لە کەنیسە

تەنها دوو جار چوومە کەنیسەی، هەر دەچوومە دەرێ خانوێك، کە لە دیانای خواروو بوو، وابزانم لە ناو قەبرستانی وان بوو، تەنها ئاگام لەوە دەبوو، ئەوە لە ناو سیارەیمەو دەچم، کە دەچووم بە زۆری لەگەڵ قەشەو گاورو کاهینەکەی دەبووم، چەند جار داوام لێدەکردن، کە خوێنم پێنەدەن، بەڵام ئەوان هەموو جارێك خوێنیان دەدامێو بێ هۆشیان دەکردم، جارێکی دیکە، نزیکەی شەش ساڵ ئاوا بەردەوام بووم.

ئەو دوو مانگەی دوایی لێ بچیتە دەر، مانگانە دوو جار دەچووم، هەندێك جار بە ناوی نەخۆشخانەو، ماڵە برادەر، هەندێك جاریش دەرۆییشتم تا دەهاتمەوە نەیان دەزانی دەچمە کوێ، کە دەهاتمەوە، کە لێیان دەپرسیم: لە کوێ بووی؟ دەمگووت: لە ماڵی خاڵانم بووم، بە هەر فێڵەکی بووایە رازیم دەکردن.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی، کە بۆچی لەگەڵ خوێن پێدان لە هۆش دەچووی؟، دەڵێت: دەیانگووت: ئەوە شتێکی ئیعتیادیە، هەموومان ئاوهاین، جاری وا هەبوو، سێ ڕۆژ بێ هەستو هۆش دەبووم، هەندێك جار دەیان بردمە خەستەخانەی، هیچ مانگێك

نەبوو، سێ کانولام بۆ دانەنێن.

## بانگەوازیکردن

پار ساڵ پێیان گووتم: پێویستمان بە کەسانی دیکەیە، منیش داوام لە دوو برادەری خۆم کرد، یەك لەوانە کچە خاڵێکی خۆم بوو، بەڵام هیچ لەوان رازی نەبوون، بروایان نەهێنا، بەڵام من وام دەزانی هەر لە سەرەتاوە مەسیحی بوومە، هەندێك جاریش بیرم دەکردەوەو، دەترسام، دەمگووت: من چۆن ئەو ئایینە (ئیسلامەم) بەجێ هێشتووە؟!.

نەدەکردەوە.

## دوورخستنەوە لە بنەما ئیسلامیەکانو خوێن پێدانی بەردەوام

زبێدە یەك لەوانەیە، کە سەرپەرشتی کردووە: زبێدە بە زۆری بە منی دەگووت: تۆ ئایینت مەسیحیە، هەمیشە لەگەڵی دەگووتم، پێی دەگووتم: برۆ لەو شانۆگەرییە بەشداری بکە، ئەو شتە خراپانە بکە، هەر شتێك زیانی بۆ ئێمە هەبووایە پێی دەکردین، پێیان دەگووتم: ئەو جلو بەرگانە بپۆشە، کە لە ئیسلام دوورت دەخەنەوەو خوا قەدەغەی کردوون، خوێن خواردن، درۆکردن، جاری



## کەسانی دیکەشیان کردۆتە مەسیحی

ئاهێکی قولی هەڵکێشاو گووتی: ئەوان ئێمەیان بە هەموو شێوەیەك رازی دەکرد، کچو کوری دیکەش هەن لە دیانەی کراونەتە مەسیحی، حەز دەکەم بانگەوازێك بکەن، تا هەموو بزانن هەموویان بە ئاگا بێنەوە، کە ئەو جۆرە شتانە هەن.

هەندێك لەوانەی من بەراستی دەیانناسمو کراونەتە مەسیحی، (فاتیمە، فەریدە، عەیش، زەینەب) بەڵام نازانم ماڵیان لە کوێیە؟ یان باوکیان ناوی چییە؟ چونکە دەهاتنە کەنیسەی، بەڵام خۆیان لە من نزیك

خوێن هەر بێ حیساب خوێنیان دەدایێ، (لێرەدا دەستی بەسەرییەوە دەگرتو، خەریکبوو لە خەفەتان سەری بتەقیت)، خوێنیان وەکو ئاوی دەدایێ، چۆن ئاوی دەخۆینەوە، ئاواش خوێنمان دەخواردەوە، بە پەرداخ، بە فنجان، پێش خواردنەوەی خوێنەکە شتێکیان لەسەر دەخوێندەوە، ئینجا ئینجیلیان دەخوێندەوە، کتابێکیان پێدابووم، بەناوی زیندووبوونەوە، پێیان دەگووتم: ئیسلام دینی بێ ئاگایانە، ئەو کتابەی ببەو بیدە خەڵك تا زیندوو ببنەوە، بێنە سەر ئەو ئایینە، (جارێکی دیکە توند

سەری خۆی دەگریتەوە). ئەو چەند ساڵەی، کە لە ماڵێ بووم، نە رۆژیم گرتووەو، نە نوێژیشم کردووە، ئەگەر دایك و باوکیشم پێیان گووتبا: هەستە نوێژ بکە، دەمگووت: نوێژم کردووە، یان بەبێ دەستنوێژی دەچوومە سەر بەرماڵی رادەوەستام.

## دروستکردنی خاچ لەسەر شانی

مانگێك بەر لەوەی بڕۆم، دووبارە بێ هۆشیان کردمەوە، ئەوەندەم ئاگا لێ بوو، شیشێکی زۆر تیژیان هێنا، یەکسەر بە شانیان داهێنام خوینەکی زۆریشی لێهات،هێنا، نیشانەی خاچ (سەلیب)یان لەسەر قۆڵی کووتیم، لەگەڵ کوتینەکەی خوینێکی زۆری لێهات، شتێکیان لەسەری خوێندو، هەندێك دەرمانیان پێداکردو، گووتیانە من: خوێنەکە هەمووی بخۆوە، ئەو خوێنە شتێکی پیرۆزە، نابی برواتو، بەهیچ شتێکیش بکەویت، ئەو سەلیبە شتێکی پیرۆزە، هەرکاتێك هەستت بە شتێکی ناخۆش کرد، تەماشای بکە، ئەگەر خوێنی لێ هات بیخۆوە، ئەگەریش نا بیمژە، منیش هەموو کاتێك ئەو شتەم دەکرد، هەر کاتێك بێزار بوومایە خوێنی ئەو سەلیبەی سەر قۆڵم دەمژی.

بە نیازبوون سەلیبی لە قۆڵەکەی دیکەشم دروست بکەن، تا ئەوەی بە نیازبوون لەسەر پشتیشم دروستی بکەن.

## سیحرو جادووگەری بەردەوام

رۆژێکیان پێیان گووتم، گوارەیەکت هەیە لە شێوەی ئەڵقەی بێت؟، گووتم: بەڵێ. ئەو گوارەیەش هی خوشکم بوو، کە لە شێوەی ئەڵقە بوو، گووتیان: ئەگەر بۆ ماوەی دوو یان سێ مانگ ئەو گوارەیە لە گوێ بکەی، ئینجا بیهێنیە لای ئێمە، ئێمەش دواتر دەتدەینەوە، منیش گوارەکەم لە گوێی خوشکەکەم کردەوە، خستمە ناو گوێی خۆم، بۆ ماوەی دوو مانگ، دوای ئەوە لە ناو قەبرستانی گوارەکەیان لە گوێی کردم، دوای ئەوە دووبارە بێهۆش بوومەوە، کە بە ئاگا هاتمەوە منیان بردبووە شوێنێکی دیکە، کە مێزێکی لێ بوو، شتی زۆر سەیری لێ بوو، کۆنە کتێبو شتی لەو جۆرانەی لێ بوو، ئێستاش کە ئەو دیمەنەم دێتە یاد زۆر دەترسم، دوو نیشانەی سەلیبی لەسەر بوو، هەر گوارەیەکیان لەسەر سەلیبێك دانا بوو، ئەو کاتی پەنجا داوی پرچی منیان برد، پەنجا داوی دیکەیان هێنا، گووتیان هی پیاوێکە، ئینجا گووتیان: ئەوە رۆحە بەستوومانەتەوە، بەلام پێیان نەگووتم: داخۆ مەبەست لەو رۆحە چییە، بە مووەکان

**ساڵێك بەر لە ئێستا جارێکیان قەشە داوای لێکردم، قورئانێکیان بۆ ببەم، بەلام بەر لەوە گووتیان قورئانەکەی سەرەو بن بخوێنەوە، شەو دەستم پێ کرد، بەلام نەمتوانی**

هەردوو گوارەکەیان لە سەلیبەکان توند بەستییەوە، دوای ئەوە زۆر شتیان لەسەری خوێند، خوێنیان لە لاشەی من هێنایە دەرو، بەسەر مووو گوارەکانیان دارێشت، لەو کاتی دووبارە بێهۆش بوومەوە، ئەو کارانە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند.

## سووکایەتیکردن بە قورئان

پێیان گووتم: بڕۆ پەرێکی لە قورئانێ بکەوەو، سەلیبی لەسەر دروست بکەو، فرێی بدە، ئەو دوعایانەی ماڵی ئێمە بە ناوی نەخۆشییەوە لەلای مامۆستایان دەیانهێنان، ئەوان دەیان گووت: هەموویان بێنەوە لای ئێمە، ئینجا دەیانکردنەوەو خۆیان شتیان لێی دەنووسی.

ساڵێك بەر لە ئێستا جارێکیان قەشە داوای لێکردم، قورئانێکیان بۆ ببەم، بەلام بەر لەوە گووتیان قورئانەکەی سەرەو بن بخوێنەوە، شەو دەستم پێ کرد، بەلام نەمتوانی، ئینجا گووتیان: هەموو وشەکانی قورئانمان بۆ بنووسەوەو بۆمانی بهێنە، منیش سێ لاپەرەم نووسینەوە، بەلام نەمتوانی، ئیدی هەر قەڵەمم تێی وەردەدا، تا توانیم نووسیم، کوفری زۆر گەورەشم لەسەری کرد، بەلام خوا بە رەحمە کە منی سزا نەداوە، ئێستاش هەر نووسینی بەسەرەوە دیارە، رۆژێکیان قورئانم بۆ بردن، لە ماڵێ گووتیان: ئەو قورئانە بۆ کوێ دەبەی؟ گووتم: دەیبەمە سەر قەبرستانی، بەلام نەم بردە سەر قەبرستانی یەکسەر بردمە لای ئەوانەوە، شەوێك لایان مایەوە، باوکم پرسیاری قورئانەکەی کرد، خوشکیشم گووتی: فلان بردیتیە سەر قەبرستانی، بەیانیەکەی هینامەوە، ئێستا ئەو قورئانە ماوە، جێی قەڵەمو نیشانەی سەلیبەکەش دیارە.

## هەستکردن بە پەشیمانی

ئەو کاتەی سووکایەتی بە قورئانەکە دەکات، فیترەتی خاوێنی ئازاری دەدات: لەو کاتەی ئەو دەستکارییەی قورئانم کرد، زۆر پەشیمان بوومەوە، بەلام ئەوان دەیانگووت: بۆچی پەشیمان دەبییەوە، خۆ پەشیمان بوونەوە، سوودی نییە، ئەو ئایینەش ئایینێکی راست نییە، زۆر جار دەمویست بە کەسێك بڵێم: کە شتێکی وا هەیە، بەلام ئەوان رێگای ئەوەیان پێ نەدەدام، زۆر دەترسان لەوەی من ئەو شتانە ئاشکرا بکەم، دەیانگووت: هیچ شتێك ئاشکرا نەکەی، ئەگەر ئاشکرای بکەی، ئەوا دەتکوژن، ئەوان بەرژەوەندی تۆیان ناوێ، خزمەکانت دەتکوژن، قەشە هەمیشە جەغتی لەسەر ئەوە دەکردەوەو، دەیگووت: هەموو ئەو شتانەی کردوومانە هیچیان ئاشکرا نەکەی، دینەکەی ئێوە بەتاڵە، ئێوە ئەو



هەموو ساڵە نوێژو خواپەرستیتان کردووە، هەمووی بەلاش رۆییشتووە، ئەگەر وانییە، بۆچی هیچ شتێکتان بۆ دەرنەکەتووە، ئەو کاتی مندال بووم، بەلام ئێستاکەش زۆر زۆر پەشیمانم.

## نهێنی بەردەوام

ئەوان بۆ چەواشەکردنی ئێمە هەموو شتێکیان دەکرد، دەمەك، دەیانگووت: قەشەمە، دەمەك ناوی موحەمەدیان لەخۆیان دەنا، لە ناو خەڵکی وەك کەسێکی ئاسایی خۆی پیشان دەدان، کەس نەیدەزانی، کە ئەو جۆرە شتانە دەکات، هەر لەبەر ئەوەش سەرنجی خەڵکی بۆ خۆی رادەکێشا، ژمارەی مۆبایلیان نەدەداینێ.

## دەبێ لە کوردستان برۆین

رۆژی پێش رۆییشتنم زبێدە (یەکێك لە کاهینەکان) بە منی گووت: ٧/٨ ئێمە هاتینە کوردستان، حەزیشمان لێیە لەو رۆژەی بچینەوە، گووتیان: وەرەقەیەکی لە ماڵی بنووسەو، ماڵی بەجێ بێڵەو، لەگەڵ ئێمە وەرە، دوایی گووتی: نا، ئێمە ناتوانین، ئەگەر تۆ ببەین، ئێمە دەگیرێین، بەو فرتو فیلانە گووتی: تۆ لەگەڵ ئێمە مەیە، بەس تەلەفۆن بۆ ئەو رەقەمە بکە، ژمارە تەلەفۆنەکی پێدام، (؟؟؟؟؟؟؟)، گووتی: ئەو ژمارەیە، هی بەرنامەیەکیە، تەلەفۆن بۆ ئەو ژمارەی بکەو، بڵێ، ژمارەی گەیلانم دەوێت، منیش لێم وەرگرت، زبێدە گووتی: بڵێ: من حەز دەکەم، فێری راقیسەم بکەن، ئەگەر قسەشی کرد، بڵێ: باوکم قەشەیەو، نەرمە لەگەڵم، رازی بووە لەگەڵ ئێوە بێم، بە هەر شێوەیەك بێت، تا پێت دەکرێت، ئەوانە رازی بکە، تا لەگەڵ خۆت ببەن، بەڵکە بێنە هەولێر، لەوێوە بۆ سلێمانی، لەوێش لە رێگای فرۆکەخانەی سلێمانییەوە دەتبەینە دەولەتەکی دیکە، کە لەوێ بەحریکی لێیە، دەتبەینە ئەوێ، چونکە زۆر زۆر پێویستیمان بەتۆیە، منیش رازی بووم، نزیکەی دوو سەد هەزار دینیاریان دامێ، پێشتریش هەرکە بچووبامە سەردانیان (٢٥) یان (١٠) هەزار دیناریان دەدامێ، ئینجا نامەیەکی بۆ نووسی بووم، کە شتی زۆری تێدا نووسرا بوو، گووتی: ئەو نامەیە لەگەڵ خۆت بێنە کەنیسەی سلێمانی، ئەوانیش دەتهێننە فرۆکەخانەی سلێمانی، ئێمە لەوێ چاوەروانیت دەکەین، تاکو تۆ دێی، ئەو کاتی لەگەڵ خۆت دەبەین، (جارێکی دیکە تووند سەری دەگریتەوە) ئێستا بیر دەکەمەوە، قەت من نەبوومە، ئەو کارانەم کردوونە، چۆن من ئەو کارانەم کردن، ئێستا بەڕاستی زۆر دڵخۆشم کە بەرەو هیدایەت هاتمەوە.

## لە دیانا بۆ هەولێر

قەشە پێیگووتم: یەکەمجار ئەگەر سەفەری سلێمانی بکەی باشترە، قەشە لە دیانەی بوو، گووتی: من لە سلێمانیم، جا نازانم هەر ئی دیانەیە، یان نا، بەس هەموو جارێك ئەو قەشەیەم لە دیانەی رۆژانی (یەك شەممەو، چوار شەممەو، پێنج شەممە) دەبینی، پێی گووتم: وەرە سلێمانی.

ئەو رۆژە لە ماڵی خۆم ئامادە کردبوو، بە ماڵەوەم گووت: دەچمە نەخۆشخانەی، دواییش دەچمە ماڵی مامێکم، بۆیە تەئخیر دەبم، منیش یەکسەر هاتمە گەراجو، هاتمە هەولێر، کاتژمێر یەكو نیو تا دوو لە کەنیسەی عەنکاوا مامەوە، لەوێش کاهینەکە کە پیاوێك بوو شتێکی دامێ و خواردمەوە، کە نازانم چی بوو، ئینجا بە نەفەر چوومە سلێمانی، پێش ئەوەی بەرێ بکەوم، تەلەفۆنم بۆ ماڵەوەم کرد، گووتم: من بوویمە مەسیحی تازە ناگەرێمەوە.

ئینجا لە هەولێر تەلەفۆنم بۆ ئەو کورەی کرد، کە پێشتر پارەی سیم کارتیان دامێ، دەستکە مۆبایلەکیشم لە کورە جیرانەکی کری، ئینجا لە هەولێر تەلەفۆنم بۆ ئەو کورەی کرد، بەناوی (گەیلان) گووتم: گەیلان ئەوە من هاتوومەتە هەولێرو، لەگەڵ تۆ دێمە سلێمانی، باوکیشم قەشەیە، تۆش تا کەنیسەی ئەوێم ببە، دیار بوو، ئەویش زۆری پێخۆش نەبوو، گووتی: من ناوێرم، تۆ ئێستا مەسیحی، منیش موسلمان، بەلام بە هەر شێوەیەك بێت، قەناعەتم پێی هێنا، کە رازی ببێت، ئەو ئاگای لە هیچ شتێك نەبوو، کە گەیشتمە سلێمانی دڵم زۆر تەنگ بوو، لەوێ پەشیمان بوومەوە، زیاتریش یەك شت زۆر کاریگەری بەسەرمەوە هەبوو، ئەویش لەبەر دایك و باوکم، براکەم.

## لە سلێمانی تەلەفۆن بۆ ماڵەوەی دەکات

لە سلێمانی خۆم تەلەفۆنم بۆ ماڵەوەم کرد، گووتم: مەبادا رۆییشتنەکەم بە

شتێکی دیکە لێکبدەنەوە، ئەوەش وەنەبێت لەبەر ئەوەم بووبێت، کە چۆن بۆ منی لێک دەدەنەوە، بەڵام تەنها لەبەر ئەوەم بوو، تا خزمەکانم بە شێوازێکی دیکە لە دایک‌و باوکم نەگەن، ئەگەر ئەو رۆژەش نەگەرابامەوە، ئێستا لەگەڵ ئەوان رۆییشتبووم، جا نازانم دەچووینە کوێ، ئەوان ئەوەیان بە من گووت: لە فرۆکە سوار دەبین‌و، دەرۆین بۆ دەوڵەتێکی دیکە.

## یەکەم گەییشتن بۆ سلێمانی‌و گەرانەوەی

کە چوومە سلێمانی، شەو داهات، گووتیشیان بە شەو کەنیسە دادەخرێت، منیش نەمزانی بچمە کوێ، ئەو کورە گووتی: فندەقێك لە ماڵی ئێمە نزیکە ئەگەر دەچییەوێ، بچیەوێ باشترە نەك ماڵێکی دیکە، کە چوومەوێ هەندێك موناقەشەمان دروست بوو، خاوەن فندەقەکە دەیگووت: بە هیچ شێوەیەك نابی لێرە بیت، ئێمە ناتوانین تۆ لێرە بەبێ ناسنامە رابگرین، منیش گووتم: پێم نییە‌و لێم کەوتووە، دوای هەندێك گفتوگۆ، وەری گرتم، ئەویش دیار بوو سەرخۆش بوو، بەس من هەستم پێنەکرد، بەڵام کورەکە هەستی پێکردبوو، کورەکە چووبووە ماڵەوە رووداوەکەی گێرابووەوە، ماڵەوەشیان گووتبوویان: باش نییە ئەو کچە لەو فندەقەی بیت، بیهێنەوە ماڵەوەمان، دوای نیو کاتژمێر لە دەرگایاندا، منیش کردمەوە، ئەو کورە بوو لەگەڵ مامەکەی، لەگەڵیان چووم، تا درەنگانی شەو، هەر لە بارەی ئایینی مەسیحی قسەم بۆ دەکردن، تا بەیانی لەوێ بووم، بەیانی، کە هاتمەوە، برام لە فندەق بوو، گووتی: حەز ناکەم بچییە ناویان، چونکە ئەگەر بچییە ناویانیش هەر دەگەرێیتەوە، منیش لەگەڵ ئەو قسەیە زۆر ترسام، یەکسەر لەگەڵی گەرامەوە.

## هیچ ژمارە تەلەفۆنەکی پێ نادرێت؟

کە چوومە سلێمانی، تەلەفۆنم بۆ قەشەو کاهینی‌و هیچ کەسێك نەکرد، ئەوانیش نەیان کرد، داوام لێیان کرد، ژمارە تەلەفۆنی خۆیانم بدەنێ بەڵام پێیان نەدام، گووتیان: ناتوانین ژمارەی خۆمانت بدەینێ.

## قەشەی دیانا

هەرچەندە بە قسەی ئەو، یەکەم پەیوەندی کەنیسەی لەگەڵ قەشە بووە، بەڵام ئەو گرووپەی زیاتر بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵی کردووە، زیاتر گروپێکی تایبەتین، مەسیحیە کۆنەکانی دیاناش لەو گروپە دەترسێن: بۆ کەنیسەی دیانا دەچووین، چەند جارێك بۆ ئەو کەنیسەیەی چوومە، بەڵام لەوێ ئەو شتانەمان نەدەکرد، لەوێ تەنها نوێژمان دەکرد، تا ئەوەی قەشەی دیانانیش زۆر لەوان دەترسێ، بەشێوەیەکی گشتی مەسیحیەکانی دیانا لەوان دەترسێن، هەمووشیان بە قسەیان دەکەن، پارەیان دەدەنێ، ئەوان گروپێکن تاکە تاکە خۆیان پیشان دەدەن، ئەوان لە زۆر شوێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دیانە بە گوێیان دەکەن، بە زۆری لەوێن.

## چۆن موسڵمان بووەوەو چیش دەخوازێت؟

کە دێتەوە هەولێر، یەکێك لە خزمەکانیان دەیباتەوە ماڵی خۆی، بۆ ئەوەی کەس قسەی پێنەڵێت، هەرچەندە هەوڵی کوشتنی درابێت، مامۆستایانی ئایینی ئیسلام، رێگریان لە کوشتنی کرد، مامۆستایەکی بەرێز چارەسەری نەخۆشی دەروونی بۆی دەکرد، کە زۆر شێوا بوو، لە ئەنجامی خوێن پێدان‌و، ئەو جۆرە سیحرو جادوگەرییەی لەگەڵیان ئەنجام دابوو، خۆشم دوو دانیشتنی درێژم لەگەڵی ئەنجام دا، چەند مامۆستایەکی دیکەش لەگەڵی دانیشتبوون، خاڵی دایکیشی، کە لە ماڵی ئەوان بوو، رۆڵێکی زۆری هەبوو، لە تێگەیاندن‌و وشیارکردنەوەی، ئەوەی گرنگە، ئێستا ئەو کچە بە تەواوی قەناعەتەوە موسڵمانەو، لە رێی نەشتەرگەریشەوە خاچەکەی لەسەر قۆڵی خۆی لابردووە، جا دەڵێت: من نزیکەی حەوت ساڵ لەلای ئەوان بووم، تێکەڵی ئایینی وان بووم، بە هەمووی ناگاتە ئەو چەند دەقیقەیەی ئێستاکە لێرەمە، قەت ئەوەندەی ئێستاکە، کە بۆ ئیسلام گەراومەتەوە دڵم خۆش نەبووە، خۆزگەش دەخوازم، ئەوانەش کە بوونەتە مەسیحی ئەوانیش وەکو من بە ئاگا هاتبانەوەو گەرابانەوە، چونکە ئەوان بێ ئاگان.

## بەڵام لێشیان خۆش نابم

ئەوان زۆر ستەمیان لێی کردووە، بەناوی ئایینەوە هەرچی شتی نەشیاوی وەك خوێندان‌و بێ هۆشکردنە دەرهەقیان کردووە، بۆیە ئێستا ئەوەندە لێیان بێزارە، هەر ئەوەندە دەڵێت: حەز دەکەم هەر ئێستا بچم شکایەتیان لێبکەم، ئەگەر ببنە موسڵمانیش هەر لێیان خۆش نابم، شکایەتیشیان هەر لێدەکەم، پێمخۆشە هەر ئێستا شکایەتیان لێبکەم، رازیش نابم تا شکایەتیان لێنەکەم.

لە کۆتاییشدا من سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم، کە لەو کارە خێرە هاوکارم بوون، بەتایبەتیش مامۆستا عەبدولقادر چۆمانی، کە بەکامێرای خۆی دیمانەکانی ئەنجامدان، ئەرکی هەموشمانە رێزو گەورەیی ئەو کچە بزانین‌و، دوعای خێری بۆ بکەین، بەو هیوایەی ببێتە پێشەنگی موسڵمانە دڵسۆزەکان‌و، هۆکارێکیش بۆ گەرانەوەی ئەوانی دیکە.

## گرنگترین شت

پێموایە گرنگترین شت لەو رووداوە وەری بگرین، ئەوەیە لە دنیای ئەمرۆکەدا، لە پەنای ئەو دۆخەی ئێستای ئێراق، هەموان وەك حەزیات زاریان لە ماڵ‌و منداڵی ئێمە کردۆتەوە، با قۆڵی وشیاری‌و بانگەوازی لێهەڵماڵین بۆ وشیارکردنەوەی گەنج‌و لاوەکانمان، بۆ ئەوەی بە باشی‌و بە چاکی ئەوانە بناسن، هەموومان، دایك‌و باوك، پیاوو ئافرەت، پیرو گەنج، خۆمان بە ئیمان‌و تەقواو زانستی ئیسلام پەروەردە بکەین، بۆ ئەوەی لە ئەنجامی کەم شارەزایی نەخورێین، تا ماویشین کوردستان هەر بە موسڵمانێتی لانکی خۆشەویستی‌و پێکەوەژیانی ئایینەکان دەمێنێتەوە، بەڵام لە ئاست قوتدانی رۆڵەکانیشمان کرو بێ هەست نابین.